نووسەران و شارەزایانی بواری ئەسنۆلۆجیا کردووە ، کە مەزدەکیەت بە خاڵی دەستپێکردن کۆمۆنیزم دابنێین ، ئەگەر ئەوەش بزانین کە مەزدەکییەکان تایبەتمەندی رەنگی سووریان لە (ئالاّ و جلوبەرگەکانیاندا) هەڵبژاردووە ، رەنگە هەر لەبەر ئەمە بۆدی بە (سوور فەلەمان) ئالاّسوورەکان یان (سورخ جامەگان) جل سوورەکان ناسرابێت ، ئەوەی ئەم بیروباوەڕەی دووچاری رەخنە و نامۆکردن کردووەتەوە بە گشتی کردنی رەگەزی مێینەیە ، واتە ژنانی خستووەتە پاڵ ماڵ و سامان ، بە پێی بیروراکەی پیاوێك دەتوانێ لەگەڵ هەر ئافرەتێکدا رابوێرێ بەبێ گوێدانە پەیمانی هاوسەرێتی ، ئەم تێکەڵبوونی سێکسیەش تا ئەمرۆ پەنجەی هەڵە و تاوانی بۆ رادەکێشرێ ، لە نێو سەرچاوەکاندا بیروبۆچوونی جیاواز بەدی دەکرێ ، بەوەی مەزدەکیەت بە چ بیروباوەڕێك کاریگەربووە ، هەندێك پێیان وایە ئاوێتەی هەردوو ئایینی (زەدەشت ـ مانەوی)یە ، هەندێکی تر بە ئاوێتەی درێژە پێدەری مانی دادەنێت بە کۆمەکێك گۆڕانکارییەوە ، مەزدەك شوێنکەوتوانی ئامۆژگاری دەکرد بۆ دوورکەوتنەوە لە بەغالەت و رق و کینە بەرانبەر یەکتر و ئەزێت دانی یەکتری ، مەزدەکیەت سەرەتا وەکو مانیزم لەسەر دوو بنچینە سەرەکی (دوالیزم) وا مەزار بوو (رووناکی و تاریکی) ، هەروەکو لە نامەکەی م. کەیواندا هاتووە و لە سەر زاری شەهرستانی خاوەن کتێبی (الملل و الفل) دەیگێرێتەوە ، کە ناوبراویش لە رێگەی (محمدی کوڕی هارون)ەوە دەڵێ: وتەکانی



مەزدەك لە بوارەکانی بوونەوەر و رەگەزدا هەمان وتەکانی (مانی) بوون ، بەلاّم جیاوازی ئەوە بوو ، کە مەزدەك پێی وابوو کە رووناکی سەرەڕای ئەوەی کە بە ویست و ئارەزووی خۆی کاردەکات و جیهانێکی ووردبین و لێزانە رووبەرووی تاریکی دەبێتەوە ، بەلاّم نەزانی و کوێری کاردەکات ، بیروباوەڕی مەزدەکی وەکو مانی بەو شێوە بەرفراوانە بلاّونەبوویەوە ، چونکە مەزدەك هەوڵدا ، پەیامەکەی بۆ خزمەتی کۆمەڵگا بەکاربهێنێ بە پێچەوانەی مانی ، کە دەیویست کۆمەڵگا بۆ خزمەتی پەیامەکەی بەکاربهێنێ و خوداوەندی پێ قایل بکات ، بەلاّم خاڵێکی بەهێزی هاوبەشی نێوان (مەزدەکی و مانەوی) باوەڕبوونیانە بە حەوت ئاسمان و بوونی خودای رووناکی لە ئاسمانی حەوتەم ، ئەوەش واتای پایە و مەقامی پەروەردگار لە لایەن هەردوولاوە لە بەرزتری ئاستە ، دیارە ئەم باوەڕە بۆ ئەم سەردەمە بایەخی زۆری هەبووە و جێگەی ئاماژەپێکردنە ، دیارە ئەم ئایینەش بەدەر نییە لە ئایین و باوەڕەکانی تری نێو ئیمپراتۆریەتی ساسانی سەبارەت بە پەیوەندی و کاریگەری لەسەرکۆمەڵگایی کوردی ، هەروەك م. کەریم زند دەڵێ: ئایینی مەزدەکی تەنها لە ناوخۆدا قەتیس نەمایەوە ، بەڵکو گەلانی ئێران تێکڕا کوردیش لەو نێوەندەدا پێوەی کاریگەر بووە ، تەنانەت پاش هاتنی ئایینی ئسلام بۆ ناوچەکە ئەم باوەڕە هەر مایەوە و شوێنکەوتوانی خۆی هەبوو لە ناوچەکە ، لەوانەش شاری دەینەوەر ، هەرێمی جەزیرە ، شارەزوور ، بۆ پشتڕاست



کردنەوەی ئەو رایەی م. کەریم زەند رۆژهەلاّتناسی فلهاوزن دەڵێ: مەزدەکیەت دواتر لە بزوتنەوەی خورمیە دەکەوت لە سەردەمی ئیسلامدا ، هەڵبەتە خورمیە پێگەی لە ئەصفەهان و هەرێمی چیا و دەینەوەر و ئازربایجان هەبووە.

لەکۆتاییدا دەگەینە ئەو ئاکامەی بڵێن تێکڕای ئەو ئایین و باوەڕانەی کە لە کوردستاندا بوونیان هەبووە ، دەرئەنجامی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و دەوروبەری بوون ، وەك پێویستییەکی هەنووکەیانە سەردەمەکەیان و بەپێی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەلاّیەتی و فیکری و ئابووریەی هاتووەتە ئاراوە گۆڕانکاریش لە بیروباوەڕیان دروستبووە ، ئیدی ئەو گۆڕانە خۆی لە ئایین و باوەڕی جۆراوجۆر بینیوەتەوە ، کە هەندێکیان ئایینی ئاسمانی گشتگیر و هەندێکی تر ناوچەیی و کۆمەڵێکیشیان لە دەرهاویشتەی هزری تاکەکان بوون ، ئەمەش بە خوێندنەوەی ئەو چەند بەشەی بابەتەکەمان (کورتەیەك لە مێژووی بیروباوەڕەکانی کورد لە هاتنی ئایینی ئیسلام) روون دەبێتەوە.



**ئەنجام:**

لە ئەنجامی تێڕامان لەو ئایین وبیروباوەڕانەی کە لەکوردستاندا بوونیان هەبووە و دەتوانین زۆر بە کورتی بڵێین: کوردستان وەك پێگەیەکی گرنگی رۆژهەلاّتی ناوەڕاست بە درێژایی مێژوو کاریگەریی دەوڵەتە زەلهێزەکانی ناوچەکە و دەوروبەری بە سەرەوە بووە بە تێکڕایی لایەنەکانی کلتوری ـ فەهەنگی ـ کۆمەلاّیەتی ـ ئایینی ، واتە رەوتی مێژووی ناوچە کوردنشینەکان بەشێکی دانەبڕاوی ئەو زنجیرە گۆڕانکارییانە بووە ، کە لە ناوچەکەدا هاتوونەتە گۆڕێ ، هەر لە (پەرستنی دیاردە سروشتییەکان و تەوتەم و بت پەرستی لە مێژووی کۆندا و پاشان بە تێپەڕبوونی بە قۆناغەکانی هینۆسیسم (فرە خواوەند پەرستی) و پاشان مۆلۆسیسم (زەفکردنەوەی خواوەندێك لەنێو کۆمەڵێك خواوەندپەرست) و تا گەیشتنی بە قۆناغی مۆلۆسیسم (یەککتاپەرستی) کوردستان دانەبڕاوە ، خاسیەتێکی دیاری ئەو دیرۆکەشیان سۆزداری تاکی کوردە بۆ ئایینەکان و بەرز و پیرۆز راگرتنەیەتی بەدەر لە بەرژەوەندییە بالاّکانی نەتەوەیی ، لە هەر قۆناغێکدا مەلکەچی و پەیوەستی خۆی دەربڕیوە ، بەرجەستەبوونی ئەو گۆڕانکارییە ئایینییانە و هەنگاونان لە پەرستنە جۆراوجۆرەکان ، تاوەکو داهاتن و پراکتیزەبوونی یەککتاپەرستی تێکڕایی ئەو گۆڕانکارییانە بە درێژایی هەزاران ساڵ خاکی کوردان شانۆی نمایشکردنی ئەو بیروباوەڕانە بووە ، تەنانەت بەلگەی سەلماندن و هەنگاونان بۆ یەککتاپەرستی وەکو